ئێران بۆ هەڕەشە: دەبێت ڕێککەوتنی ئەمنی وەک خۆی جێبەجێبکرێت



وەزیری دەرەوەی ئێران جەختدەکاتەوە دەبێت هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران وەک خۆی جێبەجێبکرێت، کە تایبەتە بە چەکدامانینی حزبەکانی ڕۆژهەڵات.

ئاژانسی هەواڵی میهری ئێران باڵوێکردەوە، حسێن ئەمیر عەبدوللاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران، لە شاری ژنێف لەگەڵ وەزیری ناوخۆی هەرێم کۆبوونەتەوە و گفتوگۆیان لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان هەردوولا کردووە.

بەپێی ئاژانسەکە، عەبدوللاهیان دووپاتیکردووەتەوە کە دەبێت هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران جێبەجێبکرێت و ئەنجامی ئەو کارەش لە قازانجی هەموو ناوچەکەیە.

لای خۆیەوە وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕایگەیاندووە، گفتوگۆکانیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران، لەسەر پەیوەندی مەژوویی عێراق و ئێران و هاوکاری زیاتر و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی دوولایەنە بووە و هاوکارییەکانیشیان درێژەی دەبێت.